د.شەفیق قەزاز:

بەم هەڵڵاو بگرەیە زمانی ستاندارد دروست نابێت، بەڵکو مشتومڕێکی هێمنانەی دەوێت

ئیبراهیم عەباس-هەولێر/ دکتۆر شەفیق قەزاز، لە ١٩٣٤ لەشاری سلێمانی لەدایکبووە، لە ١٩٦٣ بڕوانامەی ماجستێری لەزانکۆی لێکسینگتۆن لەویلایەتی کەنتاکی لەئەمەریکا بەدەست هێناوە. ماستەرنامەکەی لەسەر (دیپلۆماسیو ئابووری نێودەوڵەتی بووە). لە ١٩٧١ لەسەر دراساتی دەولی لەزانکۆی ئەمەریکی لەواشنتۆن دکتۆرای بەدەست هێناوە، ١٩٦٥ - ١٩٧٣ نوێنەری شۆرشی ئەیلولو مستەفا بارزانی بووە لەئەمریکاو لەسەر دەستی ئەو پەیوەندی فەرمی کوردو ئەمریکا دروست بووە. ١٩٧٤ -١٩٧٥ بەرپرسی پەیوەندییەکانی شۆرشی ئەیلول بووە لەتاران. لە ١٩٩٦وە بەیەکجاری گەڕاوەتەوە کوردستانو لەکابینەی سێیەمو چوارەمی حکومەتی کوردستان وەزیری هاوکاریو مرۆڤایەتی بووەو ئێستاش سەرۆکی ئەکادیمیای کوردییە لەشاری هەولێر، ئەو بەر لەوەی وەڵامی پرسیارەکانی (میدیا) بداتەوە گوتی "ئەو قسانەی من لەسەر ئەو پرسە دەیکەم رایەك نییە وەکو سەرۆکی ئەکادیمایی کوردی، بەڵکو رای کەسی خۆمە".

ئەو (٥٣) کەسەی بەیاننامەیان دەرکردووە، هەقێکی خۆیانە کە بڵێن کە کرمانجی ناوەڕاست بکرێتە زمانی ڕەسمی لەباشووری کوردستان

*** پرس و هەڵای زمانی ستاندار لەئێستادا بۆچی و لەبەرچییە؟**

– مەسەلەی زمانی ستاندارد یاخود یەکگرتوو، یاخود زمانی ئەدەبی یەکگرتوو، شتێکی تازە نییە، بەڵام ئێستا تۆزێك زەق دێتە پێشەوە. من ناتوانم بڵێم هۆکارەکەی ئەمەیە، یان ئەوەیە. لەوانەیە یەکێك لەشتەکان ئەوەبێت کەبابەتەکە پەیوەستە بەکتێبەکانی خوێندن، خۆشت دەزانی ئەمە راستەوخۆ پەیوەندی بەوەزارەتی پەروەردەوە هەیە، لەبادینان بڕیارێکیان دەرکرد هەتا شەشی سەرەتایی بەزمانی دایك بخوێنرێت، پێشتر هەتا پۆلی چواربوو.

*** ئەو بڕیارە تاچەند راستبوو؟**

– خۆی پرەنسیپێکی واهەیە لەوڵاتانی تر، کە ئەبێت منداڵ بواری ئەوەی هەبێت بەزمانی دایك بخوێنێت، بەڵام هەتاکەیو چەند قۆناغو چۆن؟ ئەوە شتێکی ترەو جیاوازی هەیە لەشوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر. وابزانم ئەمە کێشەی تێکەوت بەتایبەت لەنێوان دهۆك و سلێمانی، چونکە شتێك دروستکرابوو کەگوایە هەوڵی ئەوە بدەن لەهەردوو دیالێکت و شێوەزارەکە شتێك دروست بکەن کە منداڵانی قوتابخانە پێی بخوێنن.

*** دەبوایە کێ ئەمە بکات؟**

– دەگەڕێتەوە بۆ وەزارەتی پەروەردە، بەڵام وەزارەتی پەروەردە خۆی وەکو وەزارەتێك نا، بەڵکو ئەمە کارێکە پسپۆڕی و شارەزاییەکی زۆری ئەوێ لەمەسەلەی زمانەوانی و کەلتوورو مێژووی ئەو زمانەو ئەزموونی دەوڵەتانی تر، ئایا چۆن دەکرێ و چۆن ناکرێ؟ بەهەر حاڵ شتێك کراوە لەوە ئەچێ هیچ لایەکیان پێیان خۆش نەبێت، واتە نەبەرەی بادینان، نە ئەو بەرەیەی کە پێی ئەڵێن سۆران، زیاتر لەسلێمانی زەقبۆتەوە هەتا وای لێهاتووە تەقریبەن رەفزیانکرد کەکار بەو پرۆگرامە تازەیەی وەزارەتی پەروەردە بکەن، هەر پرۆگرامەکانی پێشووی خۆیان ئەخوێنن، رەنگە لەدهۆك هەمان کێشەو گلەیی هەبێت، پێموایە مەسەلەی زمانی ستاندارد لەمە هاتە پێشەوەو من تەسەوەر دەکەم شتێکی سرووشتییە.

لەناو ئەکادیمیای کوردیدا بۆچوونێکی زۆرو لێك جیاوازمان هەیە

*** بۆ پرسی زمانی ستاندارد تەنیا لەباشووری کوردستان وروژاوەو لە پارچەکانی تری کوردستان ئەو پرسە نییە؟**

–راستە لەبەشەکانی تر نییە، چونکە لەکوردستانی باکوور هەموویان بەیەك شێوەزار قسە دەکەن، ئەویش کرمانجی سەرووە، لەکوردستانی رۆژهەڵات نییە، چونکە تەقریبەن لەئێران بەشێوازی کوردی ناوەڕاست، یان کرمانجی ناوەڕاست قسەدەکەن.

*** بەڵام لەرۆژهەڵاتی کوردستانیش زۆرن ئەوانەی بەشێوە زاری هەورامی دەئاخڤن؟**

– دەزانی گرفتەکە چییە؟ خۆی زەقی دوو دیالێکت هەیە، راستە ئێمەی کورد شێوەزاری زازایی و هەورامیشمان هەیەو، گوایە چوار دیالێکتی سەرەکیمان هەیە، بەڵام ئەوەی کە باسی لێوە دەکرێت گرفتەکە لەنێوان دوو دیالێکت دایە، جا ئەمە راستە، یاخود رەوایە، یان نا؟ ئەوە حیسابێکی ترە. بەڵام هۆکار هەیە کە ئەمرۆ زیاتر باسی کرمانجی باکوورو کرمانجی ناوەڕاست دەکرێت، کەگوایە پێی ئەڵێن سۆرانی. رەنگە یەکێك لەو هۆکارانەش ئەوەبێت کە باشووری کوردستان لەگەڵ بەشەکانی تری کوردستان جیاوازە، جیاوازییەکەش ئەوەیە کە قەوارەیەکی سیاسی و فەرمانڕەوایمان هەیە. ئەم قەوارەیەش پێویستی بەزمانێکی نووسین هەیە بۆ فەرمانڕەوایی.

***بەڵام ئەوە نزیکەی دوو سەدەیە شێوەزاری کرمانجی ناوەڕاست (سۆرانی) زمانی نووسینو خوێندنو فەرمی ئەم قەوارەو حکوومەتەیە؟**

– ئەوەش هەیە هەندێك هەن بەڵگەی ئەوە بەنموونە دەهێننەوەو ئەڵێن کرمانجی ناوەڕاست زمانی سێ حوکمڕانی بووە، گوایە شێخ مەحموود، کۆماری کوردستان لەمەهاباد، شۆڕشی ئەیلول بە ئێستاشەوەو دەگوترێت شێوەزاری کرمانجی ناوەڕاست (٨٠) ساڵ زیاترە نەشوونما دەکات، ئەمەش هۆکاری خۆی هەیەو هەرگیز ئەمە ئەوە ناگەیەنێت کەکرمانجی ناوەڕاست رەسەنترە، یان جوانترو باشترە لەشێوەزمانەکانی تر، بەڵام بارودۆخێکی بۆ هاتۆتە پێشەوە کە نەشونما بکات، بڵاوبێتەوەو بەکار بهێنرێت و زیاتر قەوارەی هەبێت لەدایلکتەکانی تر، ئینجا تۆ ئەتوانی بیکەی بەبەڵگە بۆ ئەوەی ئەمرۆ ئەمەیان هەڵبژێری وەکو ئەو بانگەوازەی ئەو کەسانەی دوایان کردبوو؟ ئەمە شتێکی ترە.

لەبەرامبەر ئەوەشدا هەندێك باسی جووت ستانداردی دەکەن کە د.ئەمیری حەسەن پور بەکاری دەهێنێ، راستە ئەمرۆ دوو شێوەزاری سەرەکی و دوو دیالێکتی زیاتر ناسراو هەیە. بەڵام وەکو سەرەتاش ئاماژەم پێکرد ئەو قسانەی لێرەدا دەیان کەم وەکو سەرۆکی ئەکادیمیای کوردی نایان کەم، چونکە مەبەستێکیشم هەیە. من ئەویەرەکەی وەکو ئەندامێکی کارای ئەکادیمی قسەدەکەم چونکە لەناو ئەکادیمیای کوردیدا بۆچوونێکی زۆرو لێك جیاوازمان هەیە.

*** واتە ئێوەش لەناوخۆتاندا لەم پرسە گرینگەدا خاوەنی بۆچوونی جیاوازن؟**

–بۆچوونی جیاواز هەیە، بەڵام ئێمە وەکو ئەکادیمیا بەئەرکی خۆمانی دەزانین و بەڕاستیش زۆر پەیوەندیشی بەئێمەوە هەیەو شەرعیەتێکمان هەیە لەو مەسەلەیەدا ئێمە ئەمانەوێت شتێك گەڵاڵە بکەین پاش ئەوەی دیراسەی هەموو شتەکان دەکەین و بۆ ئەم مەبەستە پێنج کۆبوونەوەی خۆمان تەرخانکردووەو بەشێکی بەردەوامیشە. ئەو کات وەکو پێی دەڵێی بۆچوون یان بیروبۆچوونی ئەکادیمی لەسەر ئەم مەسەلەیە چییە؟ ئەویش ئەیدەین بەخەڵك جا لەبەرئەوە من نامەوێت وەکو سەرۆکی ئەکادیمی یان بەناوی ئەنجوومەنی ئەکادیمییەوە قسەبکەم وەکو کەسێك قسەدەکەم کەخۆم مەراقم هەیە لەزماندا.

*** باسی ئەوەت کرد لەباشووری کوردستان ئەو هەڵڵاو هاتنە پێشەی‌زمانی ستاندارد زەقە، ئایا ئەوە سیاسەت لە پشتییەتی یاخود بارودۆخەکە ئەوە دەخوازێت؟**

– سیاسەت ئەگەر لەپشتی بێت بەو واتایە لەپشتییەتی کە سەرکردایەتی سیاسی ئێمە رەنگە ئەمرۆ هەست بەو فشارە بکات کەباسم کرد، کەگوایە ئێمە چونکە لەباشووری کوردستان کیانێکمان هەیە، پێویستە ئەمە تۆزێك زووتر یەکلایی بکرێتەوە وەك لەوەی پارچەکانی تری کوردستان، ئەمە لەلایەکییەوە. لەلایەکەی تریبەوە ئەزانن ئەم مشتومرە هەیە.

*** ئایا هیچ هەوڵێك دراوە تا دیالێکتەکانی زمانی کوردی لێك نزیك ببنەوەو ئەمەش دەرەنجام ببێتە بناغەی زمانی ستاندارد، ئایا دەسەڵاتی سیاسی هەوڵێکی لەم جۆرەی داوە؟**

–لەبواری زمانی ستاندارد، هەرچی کراوە لەبواری ئەم زمانە ئەم لەهجەو دیالێکتانە بۆ ئەوەی لێك نزیك بخرێنەوە یاخود بەیەکەوە گفتوگۆ بکرێت ئەمانە هەمووی بۆچوون و تەقەلای کەسی بووەو ئێمە بەناشکوری نەبێت تا ئەمرۆ نەقەوارەیەك و دەسەڵاتێکمان نەبووەکە بتوانێ لەشێوەی دامەزراوێکا لەشێوەی پێکهاتەیەکدا، بۆ نموونە وەکو ئەکادیمیا کە هەیە بتوانێ ئەم کێشەیە بەشێوەیەکی ئەکادیمی، زانستی رێکوپێك و هەمەلایەنە دیراسە بکات، ئەمە یەکێکە لەکێشەکان لەبەرئەوە ئێستا هەر کەسێك باسی شتێك دەکات. دووەهەم ئێستا زۆر باس دەکرێت کەکورد دوو زمانی ستانداردی هەیە گوایە وەکو زمان ئەو دوو لەهجە سەرەکییەن، بەڵام هەندێکی تر بەرامبەر بەئەوە دەڵێن بۆ هەر ئەم دووە، خۆ ئێمە چوار دیالێکتمان هەیە، ئەمانە هەموویان بێگومان وا لەسەرکردایەتی سیاسی دەکات بیرلەم شتانە بکاتەوە، ئەم جیاوازییەی‌کەئەم بەشەی کوردستان هەیەتی ئەو وەزعەی کە ئێمە ئێستا تیایداین ئەو مشتومڕەی کەهەیە لەسەر ئەم بابەتەو هەر بابەتێکی زمانی کوردی بۆ نموونە بەرسمی کردنی ئەم لەهجانە، مومکینە وای لەدەسەڵاتی سیاسی کوردستان کردبێت، خۆی لەقەرەی ئەم پرسە بدات من لەو رووخسارەوە ئەیبینم. بەڕاستی بەرەسمی هەر شتێك بڕیار بدرێت ئەبێت بڕیارێکی سیاسی لەپشت بێت.

*** واتە تۆ لەگەڵ ئەمەی دەسەڵاتی سیاسی ئەمە یەکلایی بکاتەوە؟**

– دەبێت دەسەڵات ئەمە یەکلا بکاتەوە.

*** ئایا ئەمە نابێتە سەپاندن؟**

– هەندێك هەیە دەڵێت ئەمە سەپاندنە، هەندێکیش هەیە لەگەڵ ئەمەدا نییەو دەڵێت ئەمە راست نییە چونکە ئەنجامی باشی نابێت، بەڵام ئەگەر لەگەڵ ئەمەشدا نابێت ئەمەیەکێکە لەیەکلاکردنەوەی کێشەکان، لەوانەیە رێگای تریش هەبێت لەم روانگەیەوە ئەتوانی بڵێی سیاسەتی تیایە.

*** سیاسییەکان بەر لەزمانزانەکان قسەیان لەسەر پرسی زمانی ستاندارد کرد! ئایا ئەمە لەبەرئەوەیە کەسیاسییەکان دەیانەوێت هەموو شتێك بەسەر کۆمەڵگەدا بسەپێنن یان ئەوەتا زمانزانەکان غائیبن لەمەیدانەکەدا؟**

– وەڵڵا ئەڵێم هۆکاری دووەمە، واتە ئێستا لەگەڵ رێزو خۆشەویستیم، من بۆخۆم زمانەوان نیم واتە زمانزانیم، بەڵام بەم هەڵڵاو بگرەیەش زمانی ستاندارد دروست نابێت، بەڵکو مشتومڕێکی هێمنانەی دەوێت. نووەم بەڕاستی ئەبێت لەزانست و لەزانیاریو لەئەزموونێکەوە بۆ ئەمە بچین قەیناکا لەراگەیاندندا ئەمانە بڵاوبکرێتەوەئەمە هەقی هەموو لایەکە ئێستا ئەو (٥٣) کەسە کە بەیاننامەیان دەرکردووە، هەقێکی خۆیانە، بڕوایان وایە کەئەمە یەکێکە لەبۆچوونەکان کە کوردی ناوەڕاست، کرمانجی ناوەڕاست یان هەر شتێکی ناو لێدەنێیی ئەمرۆ بکرێتە زمانی رەسمی لەباشووری کوردستان. ئەمە تۆ ئەتوانی موناقەشەیان لەگەڵ بکەی، بەڵام پێویست بەمە هەیە هەموو ئەمانە کۆبکرێتەوە لەقەوارەیەکی هێمنانەی زانستیانەی ئەکادیمیانە.

*** رۆڵی ئەکادیمایای کورد وەکو تاکە دامەزراوەی فەرهەنگی کوردستان چی‌دەبێت لەزمانی ستانداردا؟**

– ئێمە دووسێ شتی سەرەکیمان هەیە، جگە لەو بەرنامە دوورو درێژەی کە دامان ناوە بەڕاستی یەکێکیان بەحوکمی بارودۆخەکەی ئێستا یەکێك لەو ئەرکە گەورانەی کە لەسەرشانمانە مەسەلەی لێکۆڵینەوەیە لەکێشە، یاخود لەمەسەلەی زمانی ستاندارد بەنسبەت زمانی کوردییەوەو وەکو وتم پێنج دانیشتنمان کردووەو، ئێستا بەردەوامین لەسەر ئەمەو ئەمانەوێت پەنابەرین بۆ هەموو کەسێك کەلێزانە لەم مەسەلەیەدا لەناو کوردستانایێت یاخود لەدەرەوە، کورد یاخود بێگانە نەبێت، بۆئەوەی بتوانێت بەشێوەیەکی هەمەلایەنەی هەمە بۆچوون بەشێوەیەکی زانستی و ئەکادیمی شتێك بخەینە بەردەم خەڵکو دەسەڵات و تێیان بگەیەنین و بڵێین مەسەلەی زمانی ستاندارد بەنسبەت کوردەوە ئەمەیە، کێشەکانی ئەمانەن‌و رێگا چارەکانیش ئەمەن، ئینجا ئەو وەختە زیاتر دەوڵەمەندیشی بکەین و بتوانین بگەینە ئەنجامێك لەسەری. بەڵام وەکو وتم پسپۆڕی و زانیاری و زانستی ئەوێ، نەتیجە دەتوانم بڵێم دەسەڵاتی سیاسی و حوکمرانی لەکوردستان ئەبێت پەیوەندێکی راستەوخۆی پێوەبێت.

*** دەسەڵاتی سیاسی بەفەرمی پەیوەندییان بەئەکادیمیای کوردییەوە کردووە لەسەر پرسی زمانی ستاندارد؟**

– نەخێر بەفەرمی پێوەندییان پێوە نەکردووین، هەرچەندە لەسەر مەسەلەی گۆڕینی کتێبەکانی خوێندن کە بۆ قۆناغەکانی سەرەتایی و بنەرەتی و ناوەندی پەیوەندییان پێوە کردووین کە ئێمە لەم کێشەیە بکۆڵینەوەو چەند رۆژ لەمەوبەر پێمان گەیشتووەو ئێمە نیازمان هەیە بەهاوکاری وەزارەتی پەروەردە، کە ئەمە خۆی زیاتر دەگەڕێتەوە بۆ بەرنامەی وەزارەتی پەروەردەو، ئەوان لەوەوپێش شتێکیان کردووە، ئێمە ئێستا داوا دەکەین زانیاری تەواو لەوان و لەبەڕێوەبەرایەتییە گشتییەکانی هەموو پارێزگاکان وەربگرین و بزانین لەسەر مەسەلەی کتێبەکانی خوێندن چی کراوەو چی نەکراوەو مامەڵەیان لەگەڵیان چۆنە؟ چونکە ئەوان لەپرۆسەی خوێندندا تائێستا کاریان لەسەر کردووە بۆ ئەوەی ئێمە کەرەسەیەکی وامان لەبەر دەستابێت و وەڵامی ئەو پرسیارەی حکومەتی هەرێمی کوردستان بدەینەوە.

*** ئەگەر دەسەڵاتی سیاسی ئەو دەسەڵاتەیان بەئێوەدا کە شێوەزارەی کرمانجی ناوەڕاست وەکو زمانی ستاندارد هەڵبژێرن یان شێوەیەکی تر بۆ زمانی ستاندارد داتاشن، کامیان هەڵدەبژێرن؟**

– (بەپێکەنینەوە) ئەم پرسیارەلەمن ئەکەی، ئایا ئێمە ئەگەر وەکو ئەکادیمیای کوردی بمانتوانیبایە ئێستا ئەو وەڵامە بدەینەوە ئەمانەدا بەرۆژنامەکانی ئێوەو ئەو پێنج کۆبوونەوەیەی نەدەویست. ئەزانی کێشەکە لەوەدایە قسەو بابەتی تیۆری زۆرە لەسەر ئەم مەسەلەیە، وتن و بۆچوون زۆرە لەسەرئەوەی کەچی بکرێت و چی نەکرێت؟ بەڵام بەڕاستی ئەمە بەبۆچوونی ئێمە ئەوەندە لێی نەکۆڵراوەتەوە کەتۆ بتوانی لەئاستی ئەکادیمیانەو زانستی و لەبۆچوونێکی تەواوە بێیتە سەر ئەوەی بڵێی وەڵڵاهی لەم چوار چارەسەر کردنە یەکەم نا، سێیەم باشە، سێیەم نا دووەم باشە، چوارەم بەکەڵك نایەت.

ئێمە وەکو ئەکادیمیای کوردی بەپێویستی نابینین دەسەڵات بێت داوامان لێ بکات، ئەمە کێشەیەکە یاخود مەسەلەیەکە ئەمرۆ لەمەسەلەی بواری جیهانی زمانی کوردیدا شتێکی زۆر زەقەو مشتومڕێکی زۆری لەسەرەو ئیشی ئێمەیەو لەئەستۆی خۆمان گرتووە، بەبێ ئەوەی داوامان لێ بکرێت. بەڕاستی کە لەئەستۆشمان گرتووە، ئینشائەڵڵا هەقی خۆی ئەدەینێ، کە هەقی خۆمان داییێ ئێمە پێشکەشی دەکەینەوە بەخەڵکی کوردستان بەچین و توێژی زاناو پسپۆڕو بەدەسەڵاتی کوردستان، جا ئەو وەختە چی لێ ئەکەن ئەوە شتێکی ترە، چونکە ئێمە دەسەڵاتی تەنفیزی نین، ئێمە دەتوانین پێشنیاریان بۆ بکەین.

*** لەبوونی ئەگەرێکی وادا، چەند کاتتان پێویستە، تا ئەم پرسە یەکلا بکەنەوە؟**

– پێموایە بەلایەنی کەمەوە ئەمساڵ ناکرێت.

*** لەیەکساڵدا ناکرێت؟**

–نەخێر، چونکە بەڕاستی ئەیەوێو ئەبێت لێی بکۆڵییەوە، چونکە لق و پۆپی زۆرە.

*** پێتوایە دەسەڵاتی سیاسی ئەمە دەکات و یەکلاکردنەوەی ئەو پرسە بەئێوە دەسپێردرێت؟**

– (بەپێکەنینەوە) وەڵڵاهی ناتوانم قسە بۆ دەسەڵاتی سیاسی بکەم، بەڵام ئەمە مەسەلەیەکە ئەمرۆ یەکێکە لەبابەتە گەرمەکان کە هەیە، پرسیارەکە ئەبێت ئەوەبێت کەئەڵێن دەسەڵاتی سیاسی مەبەستمان حکومەتیشە، کە بەپێویستی ئەزانێ ئەم کێشە بەلایەکدا بخرێت؟ بەپێویستی ئەزانێ هەست بەمە بکات، ئەگەر وابیهێڵێنەوە، چونکە هەندێك کەس هەیە دەڵێت جووت ستانداردی واتە بوونی دوو زمانی ستاندارد هیچ گرفتێکی تێدانییە ئاماژە بەوەدەکەن چەند ساڵە تەرویج دوو زمانی ستانداردیان هەیەو گرفتێکیش نییە، بەڵام هەندێکیش ئەڵێن ئەگەر ئێمە لەسەر ئەم شێوەیە بڕۆین خەریکی‌دوو زمانی ستانداردبین لەدوو دەڤەری کوردستاندا دەرەنجام لەوانەیە دوو زمانی جیاواز دروست بن و ئەمەش لەبەرژەوەندی زمانی کوردیدا نییە، ئایا هەڵسەنگاندنی دەسەڵات بۆ ئەم پرسیارانە چییە دەرەنجام ئەوە بڕیاری لێ دەدات کە ئەوان خەمخۆری ئەو بابەتەن یان نا؟

*** ئەگەر گرفتی زمانی ستاندارد یەکلا نەکرێتەوەو، دەنگەکانی دهۆك و سلێمانی سووربوون لەسەر ئەوەی ئێستا دەیڵێن، ئایا پێت وایە ئەوە خەتەرێکی راستەقینە دروست دەکات بۆ دابەشبوونی باشووری کوردستان، وەکو ئەوەی لەشەڕی ناوخۆ روویداو هێشتاش ئاسەوارەکانی ماون؟**

– ئەمە بۆچوونێکە، بەڵام وەکو وتیشم هەندێك کەس هەن لەڕووی زمانەوانی و پسپۆڕیی خۆیانەوە ئەڵێن ئێمە کێشەیەك لەمەدا نابینین، چونکە وڵاتانی تر هەیە دوو زمانی ستانداردو زیاتریشیان هەیە. بەڵام بارودۆخی باشووری کوردستان لەم حاڵەتەدا ئەو توانایەی هەیەو ئەمە هەڵدەگرێت، یاخود بەرگەی ئەمە دەگرێت کە ئەم دوو شێوە زمانە بەم شێوەیە بمێنێتەوە؟ ئێستا وابزانم مەسەلە هەر ئەمانەش نییە، باسی هەورامیش دەکرێت، رەنگە سبەینێ باسی زازا بکرێت، رەنگە برا فەیلییەکان باسی هەندێ شت بکەن، ئەمانە هەموویەن هەمووش کوردن، هەموویان بەشێکن لەزمانی کوردی.

*** بانگەوازی یەکەم لەدهۆکەوە سەری هەڵدا، پێتوایە ئەم بانگەوازەی‌ڕۆشنیرانی دهۆك بۆ ئەوەیە زمانی ستاندارد دروست بکرێت؟ یان زمانی کرمانجی ناوەڕاست کەچەند سەدەیەك حوکمرانی پێ کراوە، کەمێك پاشە کشە بکاتەوە؟ یان لانی‌کەم شێوەزاری خۆیان هاوسەنگ بەکرمانجی ناوەڕاست بکرێتەوە؟**

– ئاخر خۆی بۆچوونێك هەیە دەڵێ زمانی ستاندارد دروست دەبێت، بەڵام دروست ناکرێت، هەندێك لەزمانەوانان ئەمە دەڵێن، جا لەبەرئەوە سلیمانی بێت یان دهۆك، کەرکوك بێت یان هەولێر، یان هەر شوێنێکی تر بەشێوەیەکی زانستی ناتوانێ گەشەکردنی زمانێکی ستاندارد رابگرێت و خۆی گوڕ پێبدات بۆ ئەوەی بگاتە ئەوەی تر. زمان شتێکی زیندووە، زمان ئەبێت لەگەڵ گۆڕانیشدا مامەڵە بکات، لەبەرئەمەلەم ناحییەیەوە لەدەست کەسدا نییە، بەڵام ئایا پێویستە ئەمە یەکلا بکەینەوە، یاخود ئەگەر یەکلای نەکەینەوە وەکو تۆ پرسیت چی روودەدات؟ کەسانێك هەن دەڵێن دەرەنجام ئەم دوو شێوازە دەبن بەدووزمانی زۆر جیاوازو، ئەمە کاریگەرێکی خراپی دەبێت، هی واش هەیە ئەڵێ مەرج نییە چونکە لەوڵاتانی تر هەیە.

*** ئایا لەم رووەوە ئێمە وەکو وڵاتانی ترین؟**

– ئەوە پرسیارێکی گرنگە، ئایا ئێمە وەکو وڵاتانی ترین و بارودۆخی ئێمە وەکو ئەوانە؟ حیسابی ئەوە بکە کە دەوڵەتێك نین و، هەندێکیش هەیە دەڵێ زمانی ستاندارد لەپێگەیشتنەوە دروست دەبێت، مەبەستیان لەمە ئەوەیە لەبوون بەدەوڵەتەوە زمانی ستاندارد دروست دەبێت، هەندێکیش هەیە دەڵێ ئێمە وەکو دەوڵەتۆکەیەك واین، عەجەبە پێویست نییە لەئێستاوە زمانێکی رەسمیمان هەبێت و ستاندارد بێت و بۆ هەموو کورد بەکاری بهێنین، ئەمانە کێشەکان.